مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# تقييم قدرات رياض الأطفال غير الحكومية في كلار للعام الدراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

**م. بنار عبد الوهاب أحمد**

**قسم العلوم الاجتماعية، كلية التربية الابتدائية، جامعة كرميان**

Bnar.abdulwahab@garmian.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: روضة أطفال غير حكومية، التوزيع المكاني، مدينة كلار

**كيفية اقتباس البحث**

أحمد , بنار عبد الوهاب , تقييم قدرات رياض الأطفال غير الحكومية في كلار للعام الدراسي (٢٠٢٤-٢٠٢٥),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# Assessment of the Capacities of Non-Governmental Kindergartens in Kalar for the Academic Year (2024-2025)

**Benar Abdulwahab Ahmed**
**Department of Social Sciences, Faculty of Primary Education, Kalar University**

**Keywords** : Non-governmental kindergarten, spatial distribution, Kalar City

**How To Cite This Article**
Ahmed ,Benar Abdulwahab ,Assessment of the Capacities of Non-Governmental Kindergartens in Kalar for the Academic Year (2024-2025),Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
Non-governmental education supports public education at all levels and actively contributes to meeting some of the country's needs, particularly kindergartens, which are characterized by high quality and charge admission fees. This research discusses the assessment of the capacity of non-governmental kindergartens in Kalar for the year (٢٠٢٤-٢٠٢٥), with the aim of identifying the geographical location of non-governmental kindergartens, explaining their distribution, and evaluating them in Kalar. The knowledge was gathered through fieldwork by researchers and relevant departments in Kalar, in addition to the use of geographic information systems. The main conclusions we reached are that there are seven non-governmental kindergartens in the study area, and they are unevenly distributed among the city's neighborhoods, which is below the standard.

**الملخص:**
يدعم التعليم غير الحكومي التعليم العام في جميع مراحل التعليم، ويشارك بفعالية في توفير بعض احتياجات البلاد، وخاصة رياض الأطفال، التي تتميز بجودة عالية وتتقاضى رسومًا مقابل قبول الأطفال. يناقش هذا البحث تقييم الطاقة الاستيعابية لرياض الأطفال غير الحكومية في كلار للعام (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، بهدف تحديد الموقع الجغرافي لرياض الأطفال غير الحكومية وشرح توزيعها وتقييمها في كلار. تم جمع المعرفة من خلال العمل الميداني للباحثين والإدارات ذات الصلة في كلار. بالإضافة إلى استخدام نظم المعلومات الجغرافية. أهم الاستنتاجات التي توصلنا إليها هي أن هناك سبع رياض أطفال غير حكومية في منطقة الدراسة وهي موزعة بشكل غير متساوٍ بين أحياء المدينة وهي أقل من المقياس.

# هەڵسەنگاندنی توانای باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

م. بنار عبدالوهاب أحمد

بەشی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان

Bnar.abdulwahab@garmian.edu.krd

**پوختە:**

پەروەردەی ناحکومی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن پاڵپشت و یارمەتیدەرە بۆ پەروەردەی حکومی، بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدارە لە دابینکردنی بەشێک لە پێداویستیەکانی ووڵات بە تایبەت باخچەی ساوایان، کە ئاستێکی باشیان هەیە ولە بەرامبەر وەرگرتنی منداڵ بڕە پارەیەک وەردەگیرێت. ئەم توێژینەوەیە باسی لە هەڵسەنگاندنی توانای باخچە ناحکومییەکان لە شاری کەلار بۆساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) کردووە، بە ئامانجی ناسینی شوێنی جوگرافی باخچە ناحکومیەکان و ڕوونکردنەوەی شێوازی دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی توانایان، پشت بە میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستراوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە داتا و زانیای لە ڕێگەی کاری مەیدانی توێژەر و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە شاری کەلار کۆکراونەتەوە، جگە لە بەکارهێنانی بەرنامەی (GIS). لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین ئەوەیە لە ناوچەی توێژینەوە (٧) باخچەی ناحکومی بوونی هەیە و بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ بە سەر گەڕەکەکانی شاردا دابەشبوون، و شێوازی دابەشبوونیان بە پێی پێوەری ئاماریی دووری پێوانەیی کۆبوونەتەوە لە دەوری یەکتر، هەروەها لە کاتی هەڵسەنگاندنیان بە بەراورد بە پێوەری ناوخۆیی لە ئاستی پێویست نین، بەڵکو لە سەروو یان لە خوارووی پێوەرەوەن.

کلیلی ووشەکان: باخچەی ناحکومی، دابەشبوونی شوێنی، شاری کەلار.

پێشەکی:

باخچەی ناحکومی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی گرنگە و منداڵ پێش قۆناغی خوێندن پەیوەندی پێوە دەکەن، واتە لە تەمەنی ٤-٦ ساڵیەوە دەست پێ دەکات. ئەم قۆناغە قۆناغی پێکهێنانی تەواوی کەسایەتی منالە، بۆیە دەبێت زۆر بە هەند وەربگیرێت لە پرۆسەی پلاندانانی پەروەردەییدا، هەروەها کار دەکاتە سەرئەو چینە گرنگەی کۆمەڵگا، کە لە ئایندە کاریگەرییان لە سەر بڕیاردان و دروستکردنی داهاتوو دەبێت. هۆکاری گرنگیدان بەم بابەتە لە لایەن توێژەرانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ناویان تۆمار دەکرێت، بە هۆی زیادبوونی ژمارەی ژنانی کارکەر و پێویستی بە کەسێک بۆ چاودێریکردنی منداڵ لە ماوەی نەبوونی دایک لە ماڵەوە، جگە لەوەش هۆشیاری زیاتری دایباب دەربارەی پێویستی ڕۆیشتنی منداڵ بۆ باخچەی ساوایان و ئامادەکردنی بە شێوەیەکی تەندروست بۆ قۆناغی قوتابخانە.

باخچەی ناحکومی وەک پاڵپشتیەکی زیندوو و یارمەتیدەر بۆ باخچەی حکومی لە هەموو قۆناغەکاندا سەیر دەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشار لە سەر باخچە حکومییەکان کە لە ئەنجامی زیادبوونێکی زۆر لە ژمارەی دانیشتوان دامەزرا، چونکە لە گەڵ زیادبوونی دانیشتوان دەبێت ژمارەی دامەزراوە پەروەردەییەکان زیاد بکات. لە بەر ئەوەی زۆربەی ووڵاتان نەیانتوانیوە کار بۆ زیادکردنی ئەم دامەزاوانە بکەن، بۆیە ئەمە خێزانەکانی ناچارکرد ڕوو لە باخچە ناحکومیەکان بکەن. گرنگی ئەم دامەزراوانە لە ئێستادا وایکردووە دابەشبونی شوێنی لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی بەرنامەی (GIS)، پاشان هەڵسەنگاندن بۆ توانای باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار بکرێت.

**کێشەی توێژینەوە:**

خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

١-ئایا باخچە ناحکومییەکان بە شێوەیەکی یەکسان دابەشبوون بە سەر گەڕەکەکانی شار؟

٣- ئایا دابەشبوونی باخچە ناحکومییەکان گونجاوە لە گەڵ پێوەرەکانی ناوخۆییدا؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی توێژینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەتە ڕوو.

١- باخچە ناحکومییەکان بە شێوەیەکی یەکسان دابەشنەبوون بە سەر گەڕەکەکانی شار.

٣- دابەشبوونی باخچە ناحکومییەکان نە گونجاوە لە گەڵ پێوەرەکانی ناوخۆیدا.

**گرنگی توێژینەوە:**

ئەم بابەتە سەرەڕایی گرنگییەکەی تاک و ئێستا توێژینەوەی لە سەر نەکراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بۆ زیادکردنی بەهای زانستییە لە بواری خزمەتگوزاری پەروەردەی لە ناو شار و چۆنێتی دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی توانای باخچە ناحکومیەکانە لە شاری کەلار، بەو پێیەی خزمەتگوزارییە ناحکومیەکان بووەتە لقێکی گرنگ لە پاڵپشتکردنی پەروەردەی حکومی.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوە بریتییە لەخستنەڕووی وێنەیەک لە واقیعی دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکان لە ناوچەی توێژینەوە و شیکردنەوەی توانایان و خستنەڕووی زانیاری پێویست



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بۆ لایەنی پەیوەندیداربە مەبەستی دارشتنی پەرەپێدانی گشتگیر بۆ پێشخستنی بارودۆخی پەروەردە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ هەر توێژینەوەیەک کە ئەنجام دەدرێت وا پێویست دەکات کەوا پشت بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێکی زانستی ببەسترێت بۆ مەبەستی سوود بەخشین بە بابەتی توێژینەوەکە. لەم توێژینەوەدا پشت بە هەردوو میتۆدی وەسفی و شیکاری بەستراوە، جگە لە بەکارهێنانی تەکنیکی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS) بۆ شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان.

**پەیکەری توێژینەوە:**

توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە پێشەکی وسێ تەوەر، تەوەری یەکەم دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، تەوەری دووەم شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلاربۆ (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، تەوەری سێیەم هەڵسەنگاندنی توانای باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، جگە لە پێشەکی وئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان.

**سنووری توێژینەوە:**


**سنووری توێژینەوەکە دوو ڕەهەندی هەیە:**

**١-ڕەهەندی شوێنی:**


مەبەست لێی شوێنی شاری کەلارە، کە ناوەندی قەزای کەلارە، دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەشی باکووری خۆرهەڵاتی عێراقەوە. وەک ناوەندی ئیدارەی گەرمیان (١٤٠کم) لە شاری سلێمانیەوە دوورە. لە ڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٢٠, ٤٠, ٣٤- ٢٦, ٣٦, ٣٤) باکوور و نێوان هێڵەکانی درێژی (٥٠, ٢١, ٤٥-٠٢, ١٧, ٤٥) ڕۆژهەڵاتی نیوە گۆی زەوییەوە. ڕووبەرەکەی سنووری گەڕەکە ئاوەدانکراوەکانی شاری کەلار دەگرێتەوە، کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (١٩٠٦)هێکتار و لە (33) گەڕەکی نیشتەجێبوو پێکهاتووە. بڕوانە نەخشەی (١).


**٢-ڕەهەندی کاتی:** مەبەست لێی ماوەی توێژینەوەکەیە، بە پشت بەستن بە داتا و زانیارییەکان بۆ باسکردن و شیکردنەوەی دۆخی ساڵی خوێندن (٢٠٢٤-٢٠٢٥).

نەخشەی (١)
شوێنی شاری کەلار بە گوێرەی عێراق و قەزاکانی دەوروبەری




مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣




کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ١-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئارەوانیەکانی گەرمیان، سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، بەشی نەخشەسازی (GIS)، نەخشەی بنەڕەتی شاری کەلار، ٢٠٢٥.
-2هاشم یاسین و سردار محمد، هۆشیار محمد، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق و جیهان،چ١، چاپخانەی تێنووس، ٢٠٠٩.
٢-بەکارهێنانی بەرنامەی (Arc Map GIS10.8).

**تەوەری یەکەم: دابەشبوونی شوێنی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥):**

هەموو دیاردەیەکی جوگرافی شوێنێکی لە سەر ڕووی زەوی هەیە کە جیاوازە لەوانەی تر. هەر لە بەر ئەوەیە توێژەرانی بواری جوگرافیا لە توێژینەوەکانیاندا گرنگی زۆر بە دابەشبوون دەدەن، چونکە دابەشبوون سەرەتایەکە بۆ توێژینەوە لەو دیاردانەی کە لە ناوچەی دیاریکراودا هەن و لە ڕێگەی ئەو توێژینەوانەوە گرنگی کەرتی خزمەتگوزاری پەروەردەیی لە شارەکاندا دەستنیشان دەکەن[١]. گرنگی ئەم قۆناغەش لەوەدایە قۆناغێکی پەروەردەیی ئامانجدارە، گرنگیەکەی کەمتر نیە لە قۆناغەکانی تری پەوەردە و فێرکاری، هەروەها خاوەنی فەلسەفەیی پەروەردەی و ئامانجی ڕەفتاری خۆیەتی کە تیشک دەخاتە سەر ڕێزگرتن لە خود و تاکایەتی منداڵات، هاندانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیان، هاندانیان بۆ دەربڕین و ئاگاداربوونیان لە ڕووی جەستەییەوە ویارمەتیدانیان بۆ خۆگونجاندن و یاریکردن و هاوکاریکردن لە گەڵ کەسانی دیکە باخچەی منداڵان. خزمەتگوزارییە پەروەردەی و فێرکارییەکان گرنگیەکی گەورەیان هەیە لە دروستکردنی نەوەیەک کە توانایی پێشخستنی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و گەشەسەندنی وڵات بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەیە[٢].

بە ڕوانیین لە خشتە (١) و نەخشەی(٢) کە تایبەتە بە دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار ئەوەمان نیشان دەدات کە لە ناوچەی توێژینەوە (٧) باخچەی تێدایە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) ئەم خزمەتگوزارییە بە سەر(٥)گەڕەکی شاردا دابەشبوون، لە گەڕەکەکاندا جیاوازییەکی زۆر لە ژمارە و ڕێژەیی باخچەکان تێیاندا بەدیدەکرێت. بە شێوەیەک گەڕەکی حەمرین بەتەنها (٣) باخچە، بە ڕێژەی (٤٢,٩%) تێدا کۆبوەتەوە، هەریەک لە گەڕەکەکانی (کەلارکۆن، بنگرد، شێروانە، دریم لاند) ڕێژەی (١٤,٣%) ئەم خزمەتگوزارییەی تێدایە، هەروەها لە کۆی (٣٣) گەڕەک ئاوەدانکراو (٢٨) گەڕەکی شار بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە، کە ڕێژەیی (٨٤,٨%)ی گەڕەکی شار پێکدەهێنن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نارێکی لە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە و پابەندنەبوون بە ستانداردی پلاندانانەوە.

**خشتەی (١)**

**دابەشبوونی شوێنی ژمارە و ڕێژەیی باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار(٢٠٢٤-٢٠٢٥)**

| ژمارە | ناوی گەڕەک | ژمارەی باخچە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| ١ | شارەوانی/ ١ | - | - |
| ٢ | شارەوانی /٢ | - | - |
| ٣ | جوتیاران | - | - |
| ٤ | گەرمیان | - | - |
| ٥ | کەلارکۆن | ١ | ٣,١٤ |
| ٦ | کەلارنوێ | - | - |
| ٧ | ئاوارەکان | - | - |
| ٨ | ئەنفالەکان | - | - |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | رزگاری | - | - |
| ١٠ | مامۆستایان | - | - |
| ١١ | خەبات | - | - |
| ١٢ | ڕاپەڕین | - | - |
| ١٣ | شۆڕش | - | - |
| ١٤ | بنگرد | ١ | ٣,١٤ |
| ١٥ | فەرمانبەران | - | - |
| ١٦ | شەهیدان | - | - |
| ١٧ | ئەندازیاران | - | - |
| ١٨ | سەرکەوتن | - | - |
| ١٩ | گۆران | - | - |
| ٢٠ | بەردەسوور | - | - |
| ٢١ | هێلان سیتی | - | - |
| ٢٢ | نەورۆز | - | - |
| ٢٣ | شێخ محێدین | - | |
| ٢٤ | ئازادی | - | - |
| ٢٥ | سیروان | - | - |
| ٢٦ | شێروانە | ١ | ٣,١٤ |
| ٢٧ | حەمرین | ٣ | ٩,٤٢ |
| ٢٨ | ڕووناکی | - | - |
| ٢٩ | پیشەسازی | - | - |
| ٣٠ | بەهەشتی مامۆستایان | - | - |
| ٣١ | لانە سیتی | - | - |
| ٣٢ | بان سیتی | - | - |
| ٣٣ | دریم لاند | ١ | ٣,١٤ |
| **کۆی گشتی** | | ٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، پەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥.

سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەیی منداڵ و مامۆستا و پۆل لە باخچە ناحکومیەکان لە سەر ئاست گەڕەک لە شاری کەلار،وەک لە خشتەی (٢) دەردەکەوێت:

١-ژمارەی منالْ، لە باخچەی ناحکومی (وانۆ ) لە گەڕەکی حەمرین پلەی یەکەمی گرتووە و زۆرترین ژمارەی منداڵ لە خۆدەگرێت، کە (١٧٤) منداڵە لە کۆی (٥٥٤) منداڵ، ڕێژەیی (٤,٣١%) کۆی گشتی منداڵانی باخچەی ناحکومی پێک دەهێنێت، هۆکاری زۆری منداڵ لەم باخچەیە دەگەڕێتەوە بۆ باشی ئاستی باخچەکە. باخچەی ناحکومی (مێخەک) لە گەڕەکی کەلارکۆن بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی ژمارەی منداڵ کە دەکاتە (١٣٤) و بە ڕێژەیی

(٢٤,٣%)، باخچەی (بەهەشت) لە گەڕەکی شێروانە بە پلەی سێیەم دێت لە ڕووی ژمارەی منداڵ کە دەکاتە (٧٣) منداڵ و بە ڕێژەیی (١٣,٤%) لە کۆی گشتی منداڵانی باخچەی ناحکومی، هەریەک لە باخچەکانی (پلان، شاياد، گۆڵدن گەيت، ليدەرس) لە گەڕەکەکانی (دريم لاند، بنگرد، حەمرين)بە دوای يەکدا پلەکانی (چوارەم بۆ شەشەم) وەردەگرن لە ڕووی ڕێژەیی منداڵ بە ڕێژەکانی (١١,٤%), (٨,٩%), (٧,٢%), باخچەی (ليدەرس کەمترين ژمارەی منداڵ لە خۆ دەگرێت بە ڕێژەیی (٣,٦%) لە کۆی گشتی منداڵانی باخچەی ناحکومی شاری کەلار. هۆکاری کەمی ئەم ڕێژەيە دەگەڕيتەوە بۆ تازە دامەزراندنی باخچەکە. بڕوانە خشتەی (٢) و شێوە(١).


**خشته (٢)**

**دابەشبوونی باخچەی منداڵانی ناحکومی بە پێی ژمارە و ڕێژەی منداڵ و مامۆستا و پۆڵ لە لە شاری کەلار بۆماوەی ساڵانی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)**

| گەڕەک | باخچەی منداڵان | ژمارەی منداڵ | ڕێژە % | ژمارەی مامۆستا | ڕێژە % | پۆل | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حەمرين | وانۆ | ١٧٤ | ٣١,٤ | ١٧ | ٣٢,١ | ٧ | ٢١,٨٨ |
| | گۆڵدن گەيت | ٤٠ | ٧,٢ | ٧ | ١٣,٢٠ | ٥ | ١٥,٦٣ |
| | ليدەرس | ٢٠ | ٣,٦ | ٤ | ٧,٥٤ | ٢ | ٦,٢٥ |
| شێروانە | بەهەشت | ٧٤ | ١٣,٤ | ٩ | ١٦,٩٨ | ٥ | ١٥,٦٣ |
| کەلارکۆن | مێخەک | ١٣٤ | ٢٤,٢ | ٦ | ١١,٣٢ | ٧ | ٢١,٨٨ |
| دريم لاند | پلان | ٦٣ | ١١,٤ | ٧ | ١٣,٢٠ | ٣ | ٩,٣٧ |
| بنگرد | شاياد | ٤٩ | ٨,٨ | ٣ | ٥,٦٦ | ٣ | ٩,٣٧ |
| کۆی گشتی | ٧ | ٥٥٤ | ١٠٠ | ٥٣ | ١٠٠ | ٣٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەرێوەبەرايەتی پەروەردەی کەلار، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥.
٢-سەردانی مەيدانی توێژەر بۆ باخچەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٤/٧.

شێوەی(١)ژمارەی منداڵ لە باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)





سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١).

٢-لە ڕووی ژمارەی مامۆستا باخچەی ناحکومی (وانۆ) لە گەڕەکی حەمرین لە پلەی یەکەمدایە وزۆرترین ژمارەی مامۆستای لە خۆگرتووە کە (١٧) مامۆستایە لە کۆی (٥٣) مامۆستا و ڕێژەیی (٣٢,١%) ی کۆی گشتی مامۆستایانی قۆناغی باخچەی ناحکومی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت. هۆکاری زۆری ڕێژەیی مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕێژەیی منداڵ. باخچەی (بەهەشت) لە پلەی دووەم دایە ژمارەی مامۆستای (٩) مامۆستایە، واتە بە ڕێژەیی (١٦,٩٨%)، و هەریەک لە باخچە ناحکومیەکانی (پلان و گۆڵدن گەیت) لە پلەی سێیەمدایە، ژمارەی مامۆستایان (٧) مامۆستا و بە ڕێژەیی (١٣,٢٠%)، دواترباخچەی (مێخەک) لە گەڕەکی (کەلار کۆن) دێت ژمارەی مامۆستای (٦) مامۆستایە، بە ڕێژەیی(١١,٣٢%). پاشان باخچەی ناحکومی (لیدەرس) ژمارەی مامۆستای (٤) مامۆستایە و بە ڕێژەی (٧,٥٤%). کەمترین ژمارەی ماموستا لە باخچەی (شایاد) لە (گەڕەکی بنگرد) کە (٣) مامۆستای هەیە لە کۆی (٤٣) مامۆستا و بە ڕێژەیی (٥,٦٦%)ی کۆی گشتی مامۆستایانی قۆناغی باخچە ناحکومیەکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، هۆکاری کەمی مامۆستا لە هەردوو باخچەی (لیدەرس و شایاد) دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی منداڵ لە هەردوو باخچەکە. بڕوانە خشتەی(٢) و شێوە(٢).

شێوەی (٢)

ژمارەی مامۆستا لە باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی(١).

٣-لە رووی ژمارە و رێژەی پۆلەوە باخچەی (وانۆ و مێخەک) لە گەڕەکەکانی (حەمرین و کەلار کۆن) بە پلەی یەکەم دێت ژمارەی پۆلیان (٧) پۆلە لە کۆی (٣٢) پۆلی خوێندن و رێژەیی (٢١,٨٨%)ی پۆلی خوێندنی باخچەی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنن، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ فراوانی رووبەری بینا وزۆری منداڵ تێیدا و هەریەکێک لە باخچەکانی (بەهەشت و گۆڵدن گەیت) لە گەڕەکەکانی (شێروانە و حەمرین) بە پلەی دووەم دێن ژمارەی پۆلیان (٥) پۆلە و رێژەیی (١٥,٦٣%) پۆلی خوێندنی ئەم قۆناغە لە خۆدەگرن، هەروەها باخچەی (پلان و شایاد) لە گەڕەکەکانی (دریم لاند و بنگرد) بە پلەی سێیەم دێن ژمارەی پۆلەکانیان (٣)پۆلە، واتە بە رێژەیی (٩,٣٧%). باخچەی (لیدەرس) لە گەڕەکی (حەمرین) کەمترین ژمارەی پۆلی هەیە کە دەکاتە (٢)پۆل لە کۆی (٣٢) پۆل، واتە بە رێژەیی (٦,٢٥%)ی پۆلی خوێندنی باخچەی منداڵانی ناحکومی شاری کەلار پێکدەهێنێت.بڕوانە خشتەی (٢) و شێوە (٣).


شێوەی (٣)

ژمارەی پۆل لە باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی (١).

نەخشەی (٢)دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەربە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Map GIS10.8).

**تەوەری دووەم: شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلاربۆ (٢٠٢٤-٢٠٢٥):**

لە سیستەمی زانیاریە جوگرافییەکاندا چەند پێوەرێکی ئاماری هەیە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ نیشاندان و بڵاوبوونەوەی دیاردەکان، بە جۆرێک توانایەکی بەرز و وردیان هەیە بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامی ژمارەیی و پێدان وەسفی بۆ شێوازی دابەشبوونی شوێنی دیاردەکان(٣).


لەم تەوەرەدا شیکردنەوەی شوێنی و ئاڕاستەی دابەشبوون بۆ باخچە ناحکومیەکان دەکەین بە بەکارهێنانی بەرنامەی سیستەمی زانیاری جوگرافیا (GIS).

١-پشتێنەی کاریگەر:

ئەم پشتێنەیە یەکێک لە شێوازەکانی شیکردنەوە لە سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان بۆ دیاریکردنی پشتێنەی دامەزراوە فێرکارییەکان. واتە سنووری شوێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بە پێی ئەو دوورییەی وەک پێوەر بۆی دانراوە دیاریدەکات، ئەم ئامرازە سوودی زۆری هەیە، بەڵام زیاتر لە بواری دەستنیشانکردنی ئەو ڕووبەرەی کە خزمەتگوزاری دەیانگرێتەوە بەکاردێت، ئەوەش بە کێشانی بازنەیەکەدایە و ناوەڕاستی بازنەکە خزمەتگوزارییەکەیەو لە چەقەکەیەوە بەرەو کەنارەکانی دەڕوات لەم نێوەندەشدا دانیشتوانی خزمەتکراو هەیە و سوودی لێ وەردەگرن. ئەو پێوەری دوورییەی کە بازنەکەی پێ دەکێشرێت گۆڕانکاری بە سەردا دێت، ئەو دوورییەش کە دانراوە بۆ ئەم خزمەتگوزارییە (٣٠٠م).

دیاریکردنی پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار لە ڕێگەی پرۆگرامی(Arc Gis10.8) بە ئامرازی(Buffer)لە لیستی (Proximity) لە ناو لیستی(Analysist tool) بەدەستهاتووە، وەک لە نەخشەی (٣) دەردەکەوێت ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار گەیشتوتە (١٧٥,٠٤) هێکتار، واتە ڕێژەی (٩,١٨)%ی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ڕێژەی (٩٠,٨٢%)شارەکە بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە.

نەخشەی (٣)پشتێنەی کاریگەری باخچەکانی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەربە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Map GIS10.8).

٢-خاڵی سەنتەری ناوەند (Mean center)

بە هەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبووی دیاردەکان سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان، لە بەر ئەوەی شوێنێکی ناوەند دیاریدەکات کە دەکەوێتە سەنتەری ڕەگەزەکانی دیاردەکە[٤]. ئەو شوێنەیە یان خاڵەیە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دیاردەکە، بە جۆرێک دووری خاڵەکان لە هەر شوێنێکی تری سەر نەخشەکەوە بۆ ئەم خاڵە کەمترە. لە دوای جێبەجێکردنی ڕێکارە پێویستیەکان لە سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان لە سەر باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار، کە ئەنجامەکەی لە خشتەی (٣) و نەخشەی (٤) ڕوون کراوەتەوە، ئەم خاڵە کەوتۆتە ناو گەڕەکی (دریم لاند)، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو باخچەی (پلان و شاياد) دەکەونە نزیک ئەو شوێنە.

خشتەی (٣)

دەرئەنجامی ناوەندی شوێنی باخچەکانی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار لە ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| خزمزمەتگوزاری | بەهای (X) | بەهای (Y) | شوێنی ناوەند |
|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | ٥٢٨٤٢٦,٤٥٤٤٧٨ | ٣٨٣٠٦٨٧,٣١١٧٦٣ | دریم لاند |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc GIS 10.8) .

٣-دووری پێوانەی: (Standard Distance)

بۆ پێوانەکردنی پلەی کۆبونەوە و بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەییەک لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا بەکاردێت، لە ڕێگەی کشانی بازنەیەکەوە کە بە (Standard Circle) ناسراوە و لە ئەنجامدا ڕادەی کۆبونەوە یان بڵاوبوونەوەی دیاردەکە بۆمان دەردەکەوێت .ناوەڕاستی ئەم بازنە بریتییە لە خاڵێک کە بە خاڵی سەنتەری ناوەند(Mean Center) ناسراوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان ڕووبەری بازنەکە بڵاوبوونەوەی دابەشبوونی شوێنی دیاردەکە هەیە، واتە ئەگەر بازنەکە بچووک بێت ئاماژەیە بۆ شێوازی کۆبونەوەی دیاردەکە، تاوەکو بازنەکە گەورەتر بێت ئاماژەیە بۆ پەرشووبڵاوی دیاردەکە. بە پێچەوانەوە هەتاوەکو بەهای بازنەکە کەمتر بێت، ئەوە دابەشبوونی خاڵەکان بە شێوەی کۆبوەوە دەبێت. لە پاش جێبەجێکردنی تەکنیکی دووری پێوانەی لە سەر باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار، کە ئەنجامەکەی لە خشتەی (٤) و نەخشەی(٣) دەرکەوتووە بەهای دووری پێوانەی(٩٧٩,٣)م و ڕووبەرەکەی (٣,٠١٣کم٢). ڕێژەی ئەو باخچانەی دەکەونە ناو بازنەکەوە (٥) باخچەیە لە کۆی (٧) باخچە واتە بە ڕێژەی (٧١,٤٢%)ی ویستگەکە دەکەونە ناو بازنەکەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ شێوازی کۆبونەوەی باخچەکان لە دەوری یەکتر

خشتەی (٤) بەهای دووریی پێوانەی باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-


| گۆڕاو | بەهای دووری پێوانەی بە مەتر | ڕووبەری بازنە بە کم٢ | بەهای x | بەهای y | ژمارەی خزمەتگوزاری | ژمارەی باخچەی ناو بازنەکە | ڕێژەی % باخچە ناو بازنە لە کۆی گشتی باخچەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی منداڵانی ناحکومی | ٩٧٩,٣ | ٣,٠١٣ | ٥٢٨٤٢٦,٤٥٤٤٧٨ | ٣٨٣٠٦٨٧,٣١١٧٦٣ | ٧ | ٥ | ٧١,٤٢ |

٢٠٢٥)

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە بەرنامە (Arc GIS 10.8) پاش جێبەجێکردنی هاوکێشەی (Standard Distance).

نەخشەی(٤)

خاڵی سەنتەری و دووری پێوانەیی باخچەکانی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەربە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Map GIS10.8).

٤-ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution)

تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون هەڵدەستێت بە پێوانەکردنی ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەکان یان ڕەگەزەکانی دیاردەیەک. لە دەوری ناوەندی شوێنیەکامدا بڵاوبونەتەوە، لە ڕێگەی کێشانی بازنەیەکی شێوە هێلکەیی بە دەوری ناوەندە شوێنیەکاندا، بەمەش ئاڕاستەی شێوە هێلکەییەکە ئاماژەیە بە تایبەتمەندییەکانی ئاڕاستەی دابەشبوونی دیاردەکان لە ناوچەکەدا کە زۆربەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە خۆی(٥). لە نەخشەی (٣) کە تایبەتە بە ئاڕاستەی دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار دەرکەوتووە ئاڕاستەی دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە شێوەی هێلکەیی وەرگرتووە ئەم شێوازە بە شێوازی نموونەی دانانرێت، چونکە ئەگەر نموونەی بێت ئەوا ئەو شێوازە هێلکەییە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی بازنەی تەواو. سەبارەت بە دابەشبوونەکە ئاڕاستەی لە باکووری ڕۆژئاوا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتە، بە پلەی سوڕانەوەی (١٦٢,١٢) پلە، بە جۆرێک (٥٧,١٤%)ی باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلاری لە خۆگرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی باخچە ناحکومیەکان لە نزیک شەقامە سەرەکی و فراوانەکانی شار بە مەبەستی گەیشتن بە باخچەکان بە ئاسانی وکەمترین کات.

خشتەی (٤)

ئاراستەی دابەشبوونی باخچەکانی مندالانی ناحکومی لە شاری کەلاربۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)


| بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبون | ڕێژەی سەدی باخچەکانی ناحکومی لە ناو شێوە هێلکەیەکە | | |
|---|---|---|---|
| بەهای x(م) | بەهای Y(م) | پلەی سوڕانەوە | ٥٧,١٤ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٦,٣٢٦٣٦٧ | ١٣٣٢,٧٧٥٦٦ | ١٦٢,١٢ | |

سەرچاوە: کاری توێژەربە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Map GIS10.8).

نەخشەی(٤)

ئاراستەی دابەشبوونی باخچەکانی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەربە پشت بەستن بە بەرنامەی (Arc Map GIS10.8).

**٥-نزیکترین دراوسێ Average Nearest Neighbor:**

تەکنیکی نزیکترین دراوسێ بە یەکێک لە شێوازە ئامارە باوەکان دادەنرێت، بۆ دەرخستنی سروشتی شێوازەکانی دابەشبوونی شوێنی دیاردە جوگرافیا خاڵییەکان لە سەر ڕووی زەوی، چونکە ئەنجامی ورد دەدات بە دەستەوە. لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکاندا بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی ڕادەی بڵاوبوونەوەی شوێنی خاڵەکان لە دەوری یەکتر و دیاریکردنی شێوازی بڵاوبوونەوەیان، کە دەکرێت هەڕەمەکی یان کۆکراوە یان ڕێکخراو بێت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ پلاندانانێکی دروست لە داهاتوودا(٥). بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونەکە کە چەندین شێوازی لێ دەکەوێتەوە پۆلێن بکرێت وەک لە خشتەی (٥) خراوەتەڕوو.

خشتەی (٥)


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

بەهاکانی نزیکترین دراوسێ بە پێی شێوازەکانی دابەشبوون

| شێوازی سەرەکی | بەهای نزیکترین دراوسێ |
|---|---|
| کۆبووە | ٠,٠٩-٠,٠٠ |
| کۆبووەیەکی نارێک | ٠,٤٩-٠,١ |
| کۆبووەیەکی هەڕەمەکی | ٠,٩٩-٠,٥٠ |
| هەڕەمەکی | ١,١٩-١,٠٠ |
| پەرشوبڵاو | ٢,١٥-١,٢٠ |

سەرچاوە: فاطمة قادر مصطفى، هوشمند جوهر عباس، التحليل الخدمات التعليمية في مدينة كسنزان، مجلة ديالى، عدد(٩٩)، المجلد(٢٩)، ٢٠٢٤، ص٣٧.

دوای بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map 10,8) بە ئامرازی ( Average Nearest Neighbor) لە ناو (Analyzing patterns) لە (Spatial statistic tool) لە ( Arc Tool Box) وەک لە خشتەی (٦) و شێوەی (١) خراوەتەڕوو، بەهای (Z-Score) بۆ باخچە ناحکومیەکان بریتییە لە (٤,٦)، ئەمەش بە واتای ئەوە یە گریمانەی بنەڕەتی ڕەت دەکەینەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونەکە هەڕەمەکییە- لە بەرامبەردا گریمانەی شوێنگرەوە پەسەند دەکەین دابەشبوونی خاڵەکان شێوازێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە هۆکاری تایبەتەوە. هۆکارەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو باخچەکان لە سەر ڕێگا سەرەکیەکانی شار دامەزراون بە ئامانجی ئاسانی گەیشتنی فێرخوازان. وە بەهای پەیوەندی دراوسێیەتی گەیشتۆتە (١,٩١) ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی شێوازی دابەشبوونی باخچەکان شێوازی پەرشوبڵاو (لە یەک دووری نارێک) (Dispersed)ی بە وەرگرتووە.

خشتەی (٦)


بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار لە ساڵی ٢٠٢٥

| بەهای پەیوەندیی دراوسێیەتی | بەهای پێوەری (Z- Score) | ئاستی باوەڕپێکراو | شێوەی دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکان |
|---|---|---|---|
| 1,91 | 4,620143 | ٠,٠١ Dispersed | پەرشوبڵاو |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە شێوەی (١).

شێوەی (١)

هاوکێشەی بەهای نزیکترین دراوسێ بۆ شێوازی دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن ب (Arc Gis 10.8).

**تەوەری سێیەم: هەڵسەنگاندنی توانای باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار:**

چەمکی توانا لە ئێستادا یەکێکە لە چەمکە باوەکان کە لە هەڵسەنگاندنەکاندا پشتی پێ دەبەسترێت، بە تایبەتی لە بوارە جیاوازەکانی پەروەردە. ئامانج لێی هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکانە لە ڕووی دەرخستنی توانای باخچەکان ودابەشبوونی جوگرافیان. هەڵسەنگاندنی توانای خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لە سەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەر ئەنجام دەدرێت، ئەو پێوەرانەش لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە بەپێی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاستی پێشکەوتن. بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانای باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار کۆمەڵێک پێوەر بەکارهێنراوە بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و پێوەری عێراقی، کە لە خوارەوە باسی دەکەین.

**أ-پێوەرە ژمارییەکان**

١-پێوەری منداڵ/ باخچە:

یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان کە توانا و ئاستی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی کەرتی گشتی و تایبەت دەردەخات، و پەیوەندی نێوان ژمارەی منداڵ بۆ باخچە ڕوون دەکاتەوە. لە ناوچەی توێژینەوە (٧) باخچە بوونی هەیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، بە هۆی نەبوونی ئەم پێوەرە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، پشتمان بە پێوەری دانپێنراوی عێراق بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری بەستووە*، کە (160) منداڵ دیاریکراوە بۆ یەک باخچە[٧]. بە تێروانین بە خشتەی(٧) و بۆمان دەردەکەوێت هیچ کام لە باخچەکانی منداڵان لە ناوچەی توێژینەوە یەکسان نیین لە گەڵ پێوەر، کۆی گشتی ژمارەی منداڵ لە باخچە ناحکومیەکان دەگاتە (٥٥٤) منداڵ، (٦) باخچە لە خوارووی پێوەری بەکارهاتووی عێراقە، ئەوانیش باخچەکانی (گۆڵدن گەیت، لیدەرس، بەهەشت، پلان، شایاد، بەهەشت)، لە بەرامبەردا تەنها باخچەی (وانۆ) هێندە قوتابی لە خۆگرتووە ستانداری عێراقی تێپەڕاندووە. ئەمە کاریگەری لە سەر پرۆسەی فێربوون دروست دەکات.

خشتەی(٧)

پێوەری ژمارەی منداڵ بۆ باخچەی منداڵان لە شاری کەلار لە ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| باخچەی منداڵان | ژمارەی منداڵ | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|
| وانۆ | ١٧٤ | 14 ↑ |
| گۆڵدن گەیت | ٤٠ | 120 ↓ |
| لیدەرس | ٢٠ | 140 ↓ |
| بەهەشت | ٧٤ | ٨٦ ↓ |
| مێخەک | ١٣٤ | 26 ↓ |
| پلان | ٦٣ | ٩٧ ↓ |
| شایاد | ٤٩ | ١١١ ↓ |
| ٧ | ٥٥٤ | |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بە ستن بە: ١- پاشکۆی ژمارە(١).

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار، بەشی پلاندانان، داتای بڵاونەکراو، ٢٠٢٤.

تێبینی: ↑ : هێمایە بۆ زیاتر ↓ پێوەر، هێمایە بۆ کەمتر لە پێوەر ▭ هاوتای پێوەر

*لە توێژینەوەکەدا هەردوو پێوەری وەزارەتی پەروەردەی عێراق وهەرێم بەکارهێنراوە، هەرپێوەرێک کە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم ئاماژەی پێنەدراوە، لە بەرامبەردا پێوەری وەزارەتی پەروەردەی عیراق بەکارهێنراوە.

٢-پێوەری پۆل/ باخچە

ئەم پێوەرە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و تەنانەت لە ناوخۆی ووڵاتێکیشدا جیاوازی هەیە، سەبارەت بە باخچەی منداڵان بە پێی پێوەری عێراقی (٤) پۆل و پێوەری وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان (٢) پۆل کراوە بە پێوەر. بە پشت بەستن بە پێوەری وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان وەک

لە خشتەی (٨) هاتووە، جگە لە باخچەی منداڵانی (لیدەرس) کە هاوتای پێوەرە سەرجەم باخچەکانی تر لە پێوەر زیاترن، ئەمەش بە خاڵێکی باش دادەنرێت، چونکە ژمارەی پۆلی خوێندن زیاترە لە پێوەر.

خشتەی (٨)

پێوەری پۆل بۆ باخچەی منداڵان لە شاری کەلار (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| باخچەی منداڵان | پۆل | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|
| وانۆ | ٧ | ٥ ↑ |
| گۆڵدن گەیت | ٥ | ٣ ↑ |
| لیدەرس | ٢ | = |
| بەهەشت | ٥ | ٣ ↑ |
| مێخەک | ٧ | ٥ ↑ |
| پلان | ٣ | ١ ↑ |
| شاياد | ٣ | ١ ↑ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: ١-پاشکۆی ژمارە (١).

٣-پێوەری ژمارەی منداڵ/مامۆستا

بە پشت بە ستن بە پێوەری عێراقی یەک مامۆستا لە باخچەی منداڵانی ناحکومی بۆ (٢٥) منداڵ دانراوە. بە جێبەجێکردنی ئەم پێوەر لە سەر باخچەکان ئەوەمان بۆ روون بوەتەوە کە لە سەرجەم باخچەکان پێوەری منداڵ بۆ مامۆستا لە پێوەرکەمترە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژمارەیەکی زۆری مامۆستا لە باخچەکان بوونی هەیە، ئەمە بە لایەنێکی باش تەماشا دەکرێت، چونکە مامۆستا توانای گەیاندنی زانیاری و راهێنانی منداڵان و چاودێریکردنی زیاتر دەبێت. کەمترین رێژە لە باخچەی ناحکومی (لیدەرس)ە کە (٥) منداڵە بۆ مامۆستایەک، لە بەرامبەردا بەرزترین رێژە لە باخچەی مێخەکە کە (٢٢,٣) منداڵە بۆ مامۆستاییەک ، بەڵام سەرەرایی بەرزی رێژەکەی هێشتا لە پێوەر کەمترە. بروانە خشتەی (٩).

خشتەی (٩)

پێوەری ژمارەی مندال/مامۆستا لە شاری کەلار (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| باخچەی منداڵان | ژمارەی منداڵ/مامۆستا | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|
| وانۆ | ١٠,٢ | ١٤,٨ ⬇ |
| گۆڵدن گەیت | ٥,٧ | ١٩,٣ ⬇ |
| لیدەرس | ٥ | ٢٠ ⬇ |
| بەهەشت | ٨,٢ | ١٦,٨ ⬇ |
| مێخەک | ٢٢,٣ | ٢,٧ ⬇ |
| پلان | ٩ | ١٦ ⬇ |
| شایاد | ١٦,٣ | ٨,٦ ⬇ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە (١).

٤-پێوەری منداڵ/ پۆل

مەبەست لەم پێوەرە هەڵسەنگاندنی توانای لە خۆگرتنی پۆلە بۆ منداڵانی باخچە ناحکومیەکان بە جۆرێک هەتا ژمارەی منداڵ لە پۆل زیاد بکات چری پۆل بەرزدەبێتەوە و بە پێچەوانە. بە پێی پێوەری عێراقی ئەم پێوەرە (٢٥-٣٠) منداڵە لە پۆلێک، لە کاتێک پێوری هەرێم (٢٥) منداڵە لە پۆلێک. لە ناوچەی توێژینەوە هیچ باخچەیەک بوونی نیە کە هاوتای ئەم پێوەرە بێت، بەڵکو لە خوار ئەو پێوەرەوەن. بڕوانە خشتەی (١٠).

خشتەی (١٠)

پێوەری منداڵ بۆ پۆل لە باخچەکانی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| باخچەی منداڵان | ژمارەی منداڵ/پۆل | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|
| وانۆ | ٢٤,٩ | ٠,١ ⬇ |
| گۆڵدن گەیت | ٨ | ١٧ ⬇ |
| لیدەرس | ١٠ | ١٥ ⬇ |
| بەهەشت | ١٤,٨ | ١٠,٢ ⬇ |
| مێخەک | ١٩,١ | ٥,٩ ⬇ |
| پلان | ٢١ | ٤ ⬇ |
| شایاد | ١٦,٣ | ٨,٧ ⬇ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە (١).

**ب-پێوەرە رووبەرییەکان:**

١-پێوەری رووبەری گشتی /باخچەی منداڵان:

بە پێی پێوەری وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بۆ باخچە ناحکومیەکان پێویستە ڕووبەری گشتی باخچە ناحکومیەکان لە (٤٠٠م٢) کەمتر نەبێت. بە سەرنجدان لە خشتەی (١١) دەردەکەوێت ڕووبەری گشتی باخچە ناحکومیەکان لە شاری کەلار لە پێوەری دیاریکراو زیاترە.

خشتەی (١١)

پێوەری ڕووبەری گشتی باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| باخچەی منداڵان | ڕووبەری گشتی/م٢ | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|
| وانۆ | 4000 | ٣٦٠٠ ⬆ |
| گۆڵدن گەیت | 1600 | ١٢٠٠ ⬆ |
| لیدەرس | 5000 | ٤٦٠٠ ⬆ |
| بەهەشت | 5000 | ٤٦٠٠ ⬆ |
| مێخەک | 4000 | ٣٦٠٠ ⬆ |
| پلان | 450 | ٥٠ ⬆ |
| شایاد | 500 | ١٠٠ ⬆ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:١- پاشکۆی ژمارە (١).
٢-پێوەری ڕووبەری بینا/ باخچەی منداڵان

ئەم پێوەرە درێژکراوەی هەمان پێوەری پێشووە، بەڵام لێرەدا تەنها ئەو ڕووبەرە هەژمار دەکرێت کە باڵەخانەی قوتابخانەکەی لە سەر دروستکراوە، واتە ڕووبەری حەوشە و تەواوی خزمەتگوزارییەکان وەک سەوزایی، باخچە، یاریگا و بەشە جیاوازەکانی تری باخچەکەی لێدەرکراوە (٨). ئەم پێوەرە بە گوێرەی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم پێویستە (٣٠٠م٢) کەمتر نەبێت، لە خشتەی (١٢)وە دەردەکەوێت. جگە لە باخچەی (شایاد) ناحکومی تەواوی باخچە ناحکومیەکانی تر ئەم پێوەرەیان تێپەڕاندووە.

خشتەی (١٢)

پێوەری ڕووبەری بینای باخچەی منداڵانی ناحکومی لە شاری کەلار (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| باخچەی منداڵان | ڕووبەری بینا/م٢ | بەراورد بە پێوەر |
|---|---|---|
| وانۆ | ٣٠٠٠ | ⬆ |
| گۆڵدن گەیت | ١٢٠٠ | ⬆ |
| لیدەرس | ٣٠٠٠ | ⬆ |
| بەهەشت | ٢٠٠٠ | ⬆ |
| مێخەک | ٨٠٠ | ⬆ |
| پلان | ٣٢٥ | ⬆ |
| شایاد | ٢٠٠ | ⬇ |

سەرچاوە : کاری توێژەر بە پشت بەستن بە پاشکۆی ژمارە (١).

**ئەنجام:**

١-لە ناوچەی توێژینەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، (٧) باخچەی باخچەی ناحکومی بوونی هەیە کە بە سەر(٥)گەڕەکی شاردا دابەشبوون.

٢- دابەشبوون شوێنی باخچە ناحکومیەکان بە سەر گەڕەک و بەشەکانی شاردا بە شێوەیەکی نارێکە. بە شێوەیەک گەڕەکی حەمرین بەتەنها (٣) باخچەی تێدا کۆبوەتەوە، هەریەک لە گەڕەکەکانی (کەلارکۆن، بنگرد، شێروانە، دریم لاند) هەریەکێکیان (١) خزمەتگوزارییەی تێدایە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نارێکی لە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە و پابەندنەبوون بە ستانداردی پلاندانانەوە، هەروەها لە کۆی (٣٣) گەڕەک ئاوەدانکراو (٢٨) گەڕەکی شار بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە

٣-لە دوای جێبەجێکردنی(نزیکترین دراوسێ) دەرکەوت، دابەشبوونی باخچە ناحکومیەکان شاری کەلار شێوەیەکی پەرشوبڵاو (لەیەک دووری نارێک)وەرگرتووە.

٤- پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار، ڕێژەی (٩,١٨)%ی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە دەگرێتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ڕێژەی (٩٠,٨٢%)شارەکە بێبەشن لەم خزمەتگوزارییە.

٥- باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار لە ڕووی ڕوبەری گشتی باخچە و ڕووبەری بینا، پێوەری ناوخۆیی تێپەڕاندووە.

**ڕاسپاردە**

١-پێویستە دەسەڵاتدارانی پلاندانانی شارەکە دەستەیەکی فەرمی دابمەزرێنن بۆ پێداچوونەوە بە داواکارییەکانی کردنەوە باخچە ناحکومیەکان، بە ئامانجی وەستاندنی زیادبوونیان لەو گەڕەکانەی کە ئەم جۆرە دامەزراوە تیایدا زۆرە، هەروەها هاندان بۆ دروستکردنی باخچەی ناحکومی لەو گەڕەکانەی کە باخچەی ناحکومی تێدا نیە.
٢-کارکردن لە سەر جێبەجێکردنی پێوەرە پەروەردەیەکان لە دامەزراوە پەروەردەییەکان، بە لە بەرچاوگرتنی پشکی دامەزراوەی پەروەردەیی لە ڕووی ژمارەی منداڵ و مامۆستا و ژمارەی پۆلەوە.

٣-گرنگیدان بە باخچە ناحکومیەکان و چاودێریکردنیان، چونکە پاڵپشتی باخچە حکومیەکان وهاوکارن لە کەمکرنەوەی ڕێژەی بێکاری و وەرگرتنی دەرچوان لە بوار و بروانامە جیاوازەکان، بەو پێیەی ناوچەی توێژینەوە خاوەنی زانکۆیەک وچەندین پەیمانگای حکومی و ناحکومیە، کە هەموویان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە زیادبوونی ژمارەی دەرچووان.

# پاشكۆ(١)

ناوی باخچە و ژمارەی منداڵ و مامۆستا و پۆل و ڕووبەری بینا و ڕووبەری گشتی بینا/م٢ لە باخچە ناحکومیەکانی شاری کەلار بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| گەڕەک | باخچەی منداڵان | ژمارەی منداڵ | ژمارەی مامۆستا | پۆل | ڕووبەری بینا/م٢ | ڕووبەری گشتی بینا/م٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| حەمرین | وانۆ | ١٧٤ | ١٧ | ٧ | ٣٠٠٠ | 4000 |
| | گۆڵدن گەیت | ٤٠ | ٧ | ٥ | ١٢٠٠ | 1600 |
| | لیدەرس | ٢٠ | ٤ | ٢ | ٣٠٠٠ | 5000 |
| شێروانە | بەهەشت | ٧٤ | ٩ | ٥ | ٢٠٠٠ | 5000 |
| کەلارکۆن | مێخەک | ١٣٤ | ٦ | ٧ | ٨٠٠ | 4000 |
| دریم لاند | پلان | ٦٣ | ٧ | ٣ | ٣٢٥ | 450 |
| بنگرد | شایاد | ٤٩ | ٣ | ٣ | ٢٠٠ | 500 |
| کۆی گشتی | ٧ | ٥٥٤ | ٥٣ | ٣٢ | ٢٢٤٥٠ | ٢٩١٠٠ |

سەرچاوە:کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١-حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كەلار، بەشی پلاندانان، بڵاونەكراو، ٢٠٢٥.

٢-كاری مەیدانی توێژەر پشت بەست بە داتا و زانیارییە بەدەستهاتووەكان لە باخچە ناحكومیەكانی شاری كەلار.

سەرچاوە:

١-على لفتة سعيد و ايمان عبدالحسين شعلان، تقيم كفاءة التعليمية و الصحية في المدينة الحيدرية، مجلة البحوث الجغرافية، كلية الاداب، جامعة الكوفة، العدد١٩، بدون السنة الطبع، ص٣١٩..

٢-جنائن حسن حسين بصي، تحليل الجغرافي لواقع المدارس التعليم الآهالي في مدينة النجف، رسالة ماجستير، كلية التربية للبنات، جاميعة الكوفة، ٢٠٢٠، ص١٥.

٣-محمد نوح محمود عدو، تحليل علاقات التوزيع المكاني للخدمات الطبية الخاصة في مدينة الموصل باستخدام نظم المعلومات الجغرافية(GIS) ، مجلة العلوم والتربية، جامعة الموصل، المجلد (١٨)، العدد (٤) لسنة ٢٠١١. ص ٣٥٨.

٤-ريدار نبيل عبد الرحمان، التحليل المكاني والوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستر ( غير منشورة)، فاكولتي العلوم الانسانية، سكول الآداب، جامعة دهوك ، ٢٠١٤، ص٢٠

٥-نامدار محمد على حاجى محمد، دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاریی فێرکاری لە شاری کەلار، نامەی ماستەر (بڵاونەکراو)، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤاتییەکان، زانکۆی گەرمیان، ٢٠٢٢، لا١١٨.

٦-فاطمة قادر مصطفى و هوشمند جوهر عباس، التحليل الخدمات التعليمية في مدينة كسنزان، مجلة ديالى، عدد(٩٩)، المجلد(٢٩)، ٢٠٢٤، ص٣٧.

٧-مرتضى الكعبي، الكفاءة المكانية للمدارس الاهلية في مدينة البصرة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية، مجلة اداب البصرة، العدد٩١، ٢٠٢٠، ص ٤٢٠.

٨-محمد مهدى كريم و ئامانج فواد أحمد، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێرکاری ئامادەیی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 5 th conference of human sciences، ٢٠١٩ ، لا٣٥٨.

References:

1- Ali Lafteh Saeed and Iman Abdul-Hussein Shaalan, "Evaluating Educational and Health Efficiency in Al-Haydariya City," Journal of Geographical Research, College of Arts, University of Kufa, Issue 19, no publication year, p. 319.

2- Janain Hassan Hussein Basi, "A Geographical Analysis of the Reality of Private Schools in Najaf City," Master's Thesis, College of Education for Girls, University of Kufa, 2020, p. 15.

3- Muhammad Noah Mahmoud Adou, "Analysis of Spatial Distribution Relationships of Private Medical Services in Mosul City Using Geographic Information Systems (GIS)," Journal of Science and Education, University of Mosul, Volume (18), Issue (4), 2011, p. 358. 4- Raydar Nabil Abdul Rahman, Spatial and Functional Analysis of Health Services in Dohuk Governorate, Master's Thesis (unpublished), Faculty of Humanities, School of Arts, University of Dohuk, 2014, p. 20

5- Namdar Mohamed Ali Haji Mohamed, Dabboni Geographie Khazmetgozarie Fakari by Shari Kalar, Nammi Master (Bonyan Kraw), the history of the past and the time of Marjavatiyakan, Zanki Garmian, 2022, no. 118.

6- Fatima Qadir Mustafa and Houshmand Gohar Abbas, Analysis of Educational Services in the City of Kasnazan, Diyala Magazine, Issue (99), Volume (29), 2024, p. 37.

7- Murtada Al-Kaabi, Spatial Efficiency of Private Schools in the City of Basra Using Geographic Information Systems, Basra Journal of Arts, Issue 91, 2020, p. 420.

8- Muhammad Mahdi Karim and Aman Fawad Ahmad, Hazangandani Khazmatouzari Fikari Amadiya, Guvari Zangi Gharimian, 5th Conference of Human Sciences, 2019, No. 358.